مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٣ آب ٢٠١٧: ص ص٤٨٣-٥٠٤
DOI: 10.21928/juhd.20170820.18, e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

# پێواژۆ كردارییەكان لە زمانی كوردیدا

# Verb Processes in Kurdish Language

م.د.محەممەد عومەر عەول
زانكۆی سلێمانی/ كۆلێژی زمان –بەشی كوردی
**Dr. Muhamad Omar Awl**
**University of Sulaimani/ College of Languages– Kurdish Dept.**
E-mail:muhamad.awl@univsul.edu.iq
E-mail:hama973@gmail.com

**توێژەر ساڵی (١٩٩٦) بڕوانامەی بەكالۆریۆسی لە (زمان و ئەدەبی كوردی)دا لە زانكۆی سلێمانی بەدەستهێناوە، پاشان ساڵی (٢٠٠٢) بڕوانامەی ماستەری بە ناونیشانی (دابەشبوونی كرداری لێكدراو لەڕووی داڕشتن و ئەركەوە) وەرگرتووە، دواتر لە ساڵی (٢٠٠٨) بڕوانامەی دكتۆرای بە ناونیشانی (كردەی تەواوكردن لە زمانی كوردیدا) وەرگرتووە. ئێستاش لە بواری پسپۆڕی (زانستی زمان / مۆرفۆلۆژی و سینتاكس و سیمانتیك) كار و توێژینەوە ئەنجام دەدات.**

## الملخص

**يُقدم هذا البحث دراسة تحليلية وصفية لعمليات الفعل و استعمال التعددية في اللغة الكردية. أستفاد هذا البحث مِنْ نظرية التعددية لبول سمسن(١٩٩٣).**

**يحتوى استعمال اللغة على التركيب الوظيفي/النظامي الاول يتضمن متطلبات نظام قواعد اللغة و الثاني َيشمل العمليات المعرفية/الوظيفية الذي يُفسر استخدام عنصر نظامي مُحدد. وَيشمل عمليات الفعل عمليات (مادية، معرفية، لفظية و علاقاتية ).**

**في دراسة وصفية للاستخدام التعددية في اللغة الكردية، يدرس هذا البحث دور المشاركين وظروفهم في تحديد كل عملية، ويظهر البحث بأن هناك علاقة بين رؤية المتحدث لعالمه واختياره لعمليات الفعل عند استعمال التعددية لتركيب الجمل.**

**وَ قد قدَمنا شرح كافٍ و مختلف لمفهوم الفعل وفقاً لتنظيم الدلالي (السيمانتيكى) لخبرات المتحدث بدلاً من النظر الى التعددية من خلال المتطلبات القواعدية للاحتياج الى المفعول به المباشر.**

**وتُكمن اصالة هذا البحث في الابعاد المتعددة التي يزودنا بها هذه العمليات الفعلية لتحليل بنية الجمل في الغة الكردية. يمكن أن يكون هذا البحث ذات فائدة باعتباره نقطة لدخول الى دراسة و فهم معجم الفعل في الغة الكردية و برنامج لتعلم اللغة في اللغة الكردية.**

## Abstract

This paper presents a descriptive analysis of the processes underlying the usage of transitivity in Kurdish Language. Paul Simpson's Transitivity model has been adopted in this work. Language use involves both systemic and functional components, the former comprising language grammar system requirements and the latter embracing cognitive/ functional processes underlying the use of a specific systemic component: namely, Material, Mental, Verbal and Relational.

In a descriptive analysis of transitivity usage in Kurdish language, this paper examines participants' roles and circumstances in identifying each process. The paper demonstrates that there is a correlation between the speakers' worldviews and their choice of the processes in using transitivity to generate sentences.

An adequate and different explanation of the verb concept has been presented on the basis of the semantic organization of a speaker's experience rather than on viewing transitivity in terms of a grammatical requirement of direct objects. The originality of this paper lies in the various dimensions that such processes provide for analyzing Kurdish sentence structure. The paper can be of benefit as an entry point for studying and understanding the Kurdish verb lexicon and for the program of learning Kurdish language.

### ١/١) پێشەکی:

ناونیشانی توێژینەوەکە بۆ (پێواژۆ کردارییەکان لە زمانی کوردیدا) تەرخانکراوە. مەبەستی سەرەکی ئەم توێژینەوەیە دیاریکردنی جۆرەکانی پێواژۆ کردارییەکانە، کە بە هۆی کردارەکانەوە دەنوێنرێن، لەگەڵ شیکردنەوە و ڕاڤەکردنی هەر جۆرە پێواژۆیەك لە بەرهەمهێنانی ڕستەدا لە ڕوانگەی ڕێزمانی ئەرکییەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ڕاستەوخۆ پشت بە لایەنی واتاسازی بەستراوە.

گرنگی توێژینەوەکە لەوەدایە، کە پێواژۆ کردارییەکان، کە بەرهەمهێنەری ڕستەکانن لە ڕێی ئەو ئەزموون و جیهانبینییەی قسەکەر بۆ ئەو جیهانە ڕاستەقینەیە، یان ناڕاستەقینەیەی تێیدا دەژی، بە بەرهەمدێت، کە بەمەش لێکدانەوەیەکی تەواو جیاواز

بۆ چەمکی کردار دەخرێتەڕوو، جیاواز لەوەی کردار لە سەر بنەمای وەرگرتنی بەرکار، یان وەرنەگرتنی بەرکار بۆ تێپەڕ و تێنەپەڕ دابەشبکرێت. ئەمەش ڕاستەوخۆ لە نووسینەوەی دەروازەی فەرهەنگیی کردار و فێربوونی زمانی کوردیدا سوودی تەواوی لێدەبینرێت.

لەم توێژینەوەدا ڕێبازی شیکاری پەسنکەرانە پەیڕەوکراوە و لە تێڕوانین و لێکدانەوەکانیشدا پشت بە زاراوە و تیۆری (تێپەڕاندن "Transitivity")ی (پۆل سمسن1993) لە (ڕێزمانی ئەزموون "Experiential Grammar") لە سیستەمی ڕێزمانی ئەرکیدا "Systemic Functional Grammar")ی (هالیدا)یدا بەستراوە، واتە لە شیکردنەوەکاندا سوود لە هەردوو ڕووی (ئەرکی"Functional" و درکپێکردن"Cognition") بینراوە.

ڕستە وەك دانەیەکی دروستەیی لە دیالێکتی کرمانجیی ناوەڕاستدا بۆ داتای توێژینەوەکە وەرگیراوە، کە بە تەواوەتی گوزارشت لە ئاستێکی تایبەت لە واتای بیریی دەکات، کە ئەرکی ئایدیۆلۆجی زمان بەجێدەهێنێت.

## ٢/١) گریمانە و هۆکاری هەڵبژاردنی ئەم تیۆرییە:

ئامانج لە هەڵبژاردن و بەکارهێنانی ئەم تیۆرییە بۆ ئەو ڕەهەندە جیاوازانە دەگەڕێتەوە، کە شیکردنەوەی ڕستەی پێئەنجامدەدرێت. بە بەراورد بە شیکردنەوەی ڕستە لە سەر بنەمای پۆلە ڕەگەزی سینتاکسی (ف.ن و ف.ك...هتد) و تەنانەت پۆلە ڕەگەزی ئەرکیی (بکەر، بەرکار، تەواوکەر...هتد)یش. بە مەبەستی تیشکخستنە سەر گریمانە و گرنگی و ڕەهەندەکانی توێژینەوەکە لە نیشاندان و دیاریکردنی پێواژۆ کردارییەکان لە شیکردنەوەی ڕستەدا بە پێی (تیۆری تێپەڕاندن)ی (پۆل سمسن1993) بە پێویستی دەزانین بە وردی سەرنجی نموونەکانی (١، ٢، ٣، ٤) بدەین و پاشان لە هەردوو ڕوانگەی پۆلە ڕەگەزی سینتاکسی و پۆلە ڕەگەزی ئەرکییەوە شیانبکەینەوە:

١. کوڕەکە دارەکە دەبڕێتەوە.

٢. کوڕەکە وەڵامەکە دەزانێت.

٣. کوڕەکە تۆپێکی هەیە.

٤. کوڕەکە وەڵامەکە دەڵێت.

گشت نموونەکان خاوەنی (قاڵب"Pattern")ی سێ ڕەگەزین و بە فرێزی ناوی (کوڕەکە) دەستپێدەکەن، کە ئەرکی بکەریان بینییوە و دەشێت لە دروستەی ڕستەدا بە فۆنەتیکی دەرنەبڕدرێت، هەروەها بە کردارەکانی (دەبڕێتەوە، دەزانێت، هەیە، دەڵێت) کۆتاییان هاتووە، کە فرێزی کرداری ڕستەکەن و ئەرکی گوزارەی ڕستەکە (کردار)یان بینییوە. فرێزە ناوییەکانی (دارەکە، وەڵامەکە، تۆپێك، وەڵامەکە)ش، کە لە نێوان بکەر و کرداردا هاتوون وەك ڕەگەزی تەواوکەر (بەرکار) ئەرکیان بینییوە و کرداری ڕستەکانیان تەواوکردووە. بڕوانە شیکردنەوەکانی (٥، ٦، ٧، ٨)، کە لە ڕوانگەی کەتیگۆری سینتاکسی و (٩، ١٠، ١١، ١٢)، کە لە ڕوانگەی کەتیگۆری ئەرکییەوە[١] نوێنراون:

٥. کوڕەکە دارەکە دەبڕێتەوە. ف.ن+ف.ن+ ك

---

[١] بۆ زانیاری زیاتر لە سەر شیکردنەوەی ڕستەی زمانی کوردی بە پێی ڕێزمانی ئەرکی، بڕوانە:

ا/ شێرزاد سعید صدیق (٢٠٠٨) ب/ ساجیدە عبداللە فەرهادی (٢٠٠٩) پ/ شێرزاد سەعید سەددیق (٢٠١٣).

٦. کوڕەکە وەڵامەکە دەزانێت. ف.ن+ف.ن+ ك

٧. کوڕەکە تۆپێکی هەیە. ف.ن+ف.ن+ ك

٨. کوڕەکە وەڵامەکە دەڵێت. ف.ن+ف.ن+ ك

٩. کوڕەکە دارەکە دەبڕێتەوە. بکەر+ بەرکار+کردار

١٠. کوڕەکە وەڵامەکە دەزانێت. بکەر+ بەرکار+کردار

١١. کوڕەکە تۆپێکی هە یە. بکەر+ بەرکار+کردار

١٢. کوڕەکە وەڵامەکە دەڵێت. بکەر+ بەرکار+کردار

پاش بەراوردکردن و وردبوونەوە و تێڕوانینی ڕستەکان بۆماندەردەکەوێت، کە ڕستەکانی (٥،٦،٧،٨) ئاستی پێکهاتنی فرێز (ف.ن+ف.ن+ ك)یان وەك یەکە، هەروەها ڕستەکانی (٩،١٠،١١،١٢)یش لەڕووی ئەرك (بکەر+ بەرکار+کردار)ەوە وەك یەکن. لەم ڕوانگەیەوە دەکرێت بگوترێت (لەگەڵ ئەوەی هیچ پەیوەندییەکی پێکەڵ لە نێوان کەتیگۆری سینتاکسی و کەتیگۆری ئەرکیدا نییە، بە دەر لە فرێزی کرداری، کە بە نەگۆڕی ئەرکی کردار دەبینێت، واتە کردارێك دەبێتە سەری فرێزی کرداری و پەیوەندییەکە یەك بە یەکە)[1].

بە پێی ئەم شیکردنەوە و لێکدانەوانە دەگەینە ئەو بۆچوونەی، کە پەسنکردنی ڕستە لە ڕوانگەی کەتیگۆری سینتاکسی و ئەرکییەوە بە تەنها بەس نییە، بەڵکو پێویستە لە ڕوانگەی کەتیگۆری سیمانتیکیشەوە بە پێی ڕێزمانی ئەرکی لێکۆڵینەوەی تێدا بکرێت.

دۆخی ڕێزمانی بەو چەند جێکەوتە چەسپاو و نەگۆڕە دەدرێت، کە ئەرکی ڕێزمانی گونجاوی ڕستە بەجێدەهێنێت، بۆیە پێویستە ڕەگەزەکان لە جێگە ڕاستەکانی خۆیاندا بن[2]. چونکە بە گۆڕینی شوێنی بکەر و بەرکار لە دروستەی هەندێك ڕستەدا جیاوازییەکی زۆر لە واتادا دێتە کایەوە، کە ئەمەش بەڵگەیە بۆ گرنگی واتای دروستە لە ڕستەدا[3]، بڕوانە بەراوردکردنی جووتە ڕستەکانی (١٣، ١٤، ١٥) لەڕووی واتاوە:

(١٣) ا- پیاوەکە ژنەکەی برد بۆ نەخۆشخانە.
ب- ژنەکە پیاوەکەی برد بۆ نەخۆشخانە.

(١٤) ا- کوڕەکە لە کچەکە تێناگات.
ب- کچەکە لە کوڕەکە تێناگات.

(١٥) ا- کڕیارەکە قۆڵی فرۆشیارەکەی بڕی.
ب- فرۆشیارەکە قۆڵی کڕیارەکەی بڕی.

[1] Fattah (1997:189)

[2] محەممەدی مەحویی (٢٠٠١: ١٢٩).

[3] Fattah (1997:189)

**نزیکی و لێکچونی ڕستەکانی (١، ٢، ٣، ٤)، کە پێشتر خرانەڕوو، لە هەردوو ڕوانگەی کەتیگۆری سینتاکسی و ئەرکییەوە لە کاتێکدایە، کە هەریەك لە ڕستەکان بە پێی (تیۆری تێپەڕاندن)ی (پۆل سمسن) لە ڕێزمانی ئەزموونندا تەواو جیاوازن و هەر کامێکیان بە نموونە وەربگرین بە پێی جۆرێکی جیاوازی پێواژۆکان بە بەرهەمهاتوون و بە هۆی کردارێکی فەرهەنگیی جیاوازەوە نوێنراون، کە لە ڕێی تێڕوانین و جیهانبینی جیاوازەوە و لە ڕێی کارامەی قسەپێکەرانییەوە بە کۆدکراون و بەکارهاتوون. بۆ نموونە ئەگەر بەراوردی ڕستەکانی (١، ٢) بکەین، ئەوا ڕستەی (١) بە هۆی پێواژۆییەکی مادییەوە بەبەرهەمهاتووە و بە هۆی کرداری (دەبڕێتەوە) نوێنراوە و لە ڕێی ئەزموون و جیهانبینێکی فیزیکییانەوە بە کۆدکراوە، لە کاتێکدا ڕستەی (٢) تەواو پێچەوانەیە و بە هۆی پێواژۆییەکی ئاوەزییانەوە (کە بە تەواوەتی لە ڕێی ئەزموونی جیهانێکی نافیزیکییەوە) بەرهەمهاتووە، کە بە سوود وەرگرتن لە جیهانبینێکی ناوەکییانە (مێشك) و لە ڕێی ئەو ئەزموونە زمانییانەی لە مێشکدا بە کۆدکراوە و بە هۆی کرداری ( دەزانێت) نوێنراوە. خۆ ئەگەر بەراوردی ڕستەی (٣) بە (١، ٢) بکەین، ئەوا بە هۆی پێواژۆیەکەوە بەرهەمهاتووە، کە نەفیزیکییانەیە و نەئاوەزییانەیە، بەڵکو بە هۆی پێواژۆییەکی پەیوەندییەوە بە ئەزموون کراوە و بە هۆی کرداری (هەیە) نوێنراوە. خۆ ئەگەر سەرنجی کرداری (دەڵێت) لە ڕستەی (٤)دا بدەین، ئەوا بە هۆی پێواژۆ قسەییەکانەوە بە بەرهەمهاتووە، کە تەواو لە سێ پێواژۆکەی پێشوتر جیاوازن. بۆیە بە پێویستی دەزانین لەم توێژینەوەیەدا پێواژۆ کردارییەکان و پشکدارەکانیان و هۆکاری هاتنە ئارای جۆرە جیاوازەکانی، کە لە ڕێی جیهانبینی جیاواز و ئەزموونی جیاوازەوە بەکۆدکراون، لێبکۆڵرێتەوە و شیکردنەوەی لە بارەوە بکرێت.**

### ٣/١) سیستەمی تێپەڕاندن:

**بە شێوەیەکی باو سیستەمی تێپەڕاندن وا ڕۆیشتووە، کە سیمایەکی ڕێزمانی بێت، ئەویش بە پێی پێوەندیی ڕەگەزی بەرکار بە کردارەوە[1]. وەك ئاشکراشە ئەگەر کردارێك بۆ تەواوکردنی دروستە و واتای ڕستەکەی بەرکار وەربگرێت، ئەوا تێپەڕە بڕوانە (١٦ )، بەڵام ئەگەر بەرکار وەرنەگرێت، ئەوا تێنەپەڕە[2]، بڕوانەی ( ١٧):**

**(١٦)**

**ا- سیروان *نامەکە* دەنووسێت. [ + بەرکار ]**

**ب- منداڵەکە *پەنجەرەکەی* شکاند. [ + بەرکار ]**

**پ- دایکەکە *منداڵەکەی* بانگکرد. [ + بەرکار ]**

**(١٧)**

**ا- کچەکە پێدەکەنێت. [ – بەرکار ]**

**ب- پەنجەرەکە شکا. [ – بەرکار ]**

**پ- منداڵەکە گریا. [ – بەرکار ]**

**پاشان ئەم چەمکە فراوانکراوە و هەوڵدراوە لە سەر بنەمای وەرگرتنی ژمارەی بەرکار و تەواوکەر چەند جۆرێکی تری کردار جیابکرێتەوە وەك کرداری تێپەڕی دوو بەرکاری، کە مەبەست لەو جۆرەی کردارە، کە داوای دوو بەرکار**

---

[1] بڕوانە: ئەوڕەحمانی حاجی مارف (٢٠٠٠: ٤٥).

[2] بڕوانە: محەممەدی مەحویی، کاروان عومەر قادر، شیلان عومەر حسێن (٢٠١٠: ٧٥).

دەکات، بڕوانە (١٨)، یان کرداری تێپەڕی ئالۆز، کە بۆ تەواوکردنی دروستە و واتاکەی پێویستی بە (بەرکار و تەواوکەری بەرکار) هەیە[1]، بڕوانە ( ١٩ ).

(١٨)

ا- کوڕەکە **گوڵەکە** ی بە **کچەکە** دا.

ب- کچەکە **سێوەکە** ی لە **دارەکە** کردەوە.

پ- منداڵەکە **گوێـــــی** لە **ئامۆژگارییەکانی باوکی** گرت.

(١٩)

ا- سیروان **مامۆستاکە**ی بە **زیرەك** دەزانێت.

ب- خوێندکارەکان **کاوانـــــیان** کرد بە **گۆڵچی**.

پ- گشت ئەندامەکان **کارزانـــــ**یان بە **سەرۆك** دیاریکرد.

سەرەڕای ئەم بەکارهێنانە ڕێزمانییەی بۆ کردار، (هالیدای) چەمکێکی نوێی بۆ تێپەڕاندن دۆزییەوە، کە تەواو گەشەسەندن و پێشکەوتنی بە چەمکە باوەکە داوە. چەمکی (هالیدای) لە کتێبی ( An Introduction to Functional Grammar) بۆ تێپەڕاندن نەوەستاوەتە سەر ئەوەی، کە کردارێك پێویستی بە بەرکار هەبێت و وەریبگرێت، یان کە کردارێك پێویستی پێی نەبێت و وەرینەگرێت، تەنانەت ئەم پێوانەیەش لە تیۆرییەکەدا نەبۆتە مەرج، بەڵکو گرنگی بە دیاریکردنی سێ پێکهاتە داوە، کە لە سەر بنەمای چەند ڕەگەزێکی سیمانتیکی ڕێکخراو لە ئەزموون دانراون[2]، کە خۆی بە پێواژۆکانی تێپەڕاندن ناوی بردوون، کە ئەوانیش:

١. پێواژۆکان خۆیانن.

٢. پشکدارەکانن، کە لە ناو پێواژۆکاندان.

٣. هاوبەشەکانن، کە هاوەڵی پێواژۆکان دەکەن[3].

پێواژۆکان لە سیستەمی تێپەڕاندنی (هالیدای)دا بۆ شەش جۆر پێواژۆ دابەشکراون، کە ئەمانەن: پێواژۆ (ماددییەکان، ئاوەزییەکان، پێوەندییەکان، ڕەفتارییەکان، قسەییەکان، بوونییەکان)[4].تێپەڕاندن تۆڕێکە گوزارشت لە ئەزموونی خەڵك دەکات لە جیهانی ناوەوە و دەرەوە، کە بە تەواوی لە ڕستەکاندا ڕەنگدەداتەوە[5].

هالیدای سێ مێتا ئەرکی بۆ زمان دیاریکردووە، کە ئەمانەن:

---

[1] A / Huddleston (1984:194). B / Fattah (1997:243).

[2] Halliday (1981:134).

[3] Halliday & Matthiessen (2004:175).

[4] Halliday & Matthiessen (2004:171).

[5] شایەنی باسە (ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی) لە بەشی دووەمی کتێبی (ڕستە و پاش ڕستە – تیۆرینێکی ئەرکی-) ئاماژەی بۆ (٦) جۆر کردە لە زمانی کوردیدا کردووە، بە ناوەکانی (ماددی، پەیبردن، بەدەر لە دەسەڵات، پێوانداری، گەیاندن، بوون) و خستونیەتی ڕوو، بۆ زانیاری زیاتر، بڕوانە: ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی (٢٠٠٨: ٥٨).

**یەکەم// مێتا ئەرکی بیریيانه "Ideational": مەبەست ئەوەیە لە زماندا ئەرکی نواندنی جیهانبینین ڕەنگدەداتەوە.**

**دووەم// مێتا ئەرکی نێوان کەسەکان "Interpersonal": ئەرکی زمانە بۆ پەیوەندیکردنی نێوان ئەندامانی کۆمەڵ بۆ بەجێگەیاندنی ئەرکی کۆمەلآیەتی زمان.**

**سێیەم// مێتا ئەرکی دەقییانە "Textual": مەبەست لەو ئەرکەی زمانە، کە چۆن زمان بەکاردەهێنرێت بۆ شرۆڤەکردنی گۆڕینی زمان بۆ دەق[1]. ئەوەی لێرەدا گرنگە بگوترێت سیستەمی تێپەڕاندن دەچێتە مێتا ئەرکی بیریانەوە[2].**

## ٤/١) پێواژۆ کرداریيەکان:

**هەر پێکهاتەیەك لەو سێ پێکهاتەیەی خرانەڕوو بە هۆی پۆلە ڕەگەزێکی سینتاکسییەوە دەنوێنرێن، بڕوانە خشتەی (١)[3]:**

| جۆری پێکهاتە | دەنوێنرێت بە هۆی: |
|---|---|
| پێواژۆکان | دەستەی کردار |
| پشکدار | دەستەی ناو/ فرێزی بەند |
| هاوبەش | دەستەی ئەدڤێربڵ، یان فرێزی بەند |

**خشتەی ژمارە ((١))**

**پێواژۆکان، کە دیاریکەری سەرەکی سیستەمەکەن، بە هۆی کردار، یان فرێزی کردارەوە دەنوێنرێت، بڕوانە (٢٠)، لە کاتێکدا پشکدارەکان بە هۆی ناو، یان فرێزی ناوی، یان فرێزی بەندەوە دەنوێنرێن بڕوانە (٢١)، هەرچی هاوبەشەکانیشە ئەوا بە هۆی ئەدڤێربڵ، یان فرێزی پێشناوییەوە دەنوێنرێن، بڕوانە (٢٢).**

(٢٠) ا- جوتیارەکە زەوی **دەکێڵێت**.
ب- ئەوان گەنم **وەردەگرن**.
پ- منداڵەکان **ڕادەکەن**.
پێواژۆکان: کردار.

(٢١) ا- **سیروان** **نامە** دەنوسێت.
ب- **پزیشکەکە** **نەخۆشەکە** دەپشکنێت.
پ- **منداڵەکە** **لە کۆمپیوتەر** دەزانێت.
پشکدارەکان: ناو/ ف.ن/ ف. بەند.

(٢٢) ا- شیلان **لە سەر مێزەکە** نانده‌خوات.
ب- خوێندکارەکان **لە بەیانییەوە** وانە دەخوێنن.

[1] a/ Halliday (1985:53) b/ Halliday & Matthiessen (2004:20)
[2] Halliday (1985:134).
[3] Halliday & Matthiessen (2004:١٧٧).

پ- میوانەکان **لە دەرەوە** دانیشتوون.

ت- میوانەکان **زوو** ڕۆیشتنەوە.

هاوبەشەکان: ف.بەند/ئەدڤێربڵ.

**هەر جۆرە پێواژۆیەك، کە بە هۆی کردارەوە دەنوێنرێت بۆ پۆلە ڕەگەزێکی واتایی دیاریکراو تەرخانکراوە، کە جۆری پێواژۆکە جۆر و سروشتی پشکدار (ەکان) دیاریدەکات، کە دەتوانرێت لە ڕێی خشتەی ژمارە (٢)ەوە[1]، بە گشتی پوختەی پەیوەندیی پێواژۆکان و پشکدارەکان لەگەڵ پۆلە ڕەگەزی واتایی نیشانبدرێت. کە (هالیدای) دوای چاوخشاندنەوە بە تیۆرییەکەیدا خستویەتی ڕوو. کردار لە زمانی کوردیدا کۆتایی ڕستە دەگرێت، بۆیە بەو مەبەستە پێواژۆکان لە ڕیزبەندییەکەدا براونەتە دوای پشکدارەکان.**

| ژ | پشکدارەکان | جۆری پێواژۆکان | پۆلە ڕەگەزی واتایی |
|---|---|---|---|
| ١ | کارکەر"Actor"<br>ئامانج"Goal" | مادییەکان "Material" | کردن<br>ڕوودان |
| ٢ | هەستدار "Senser"<br>دیاردە"Phenomenon" | ئاوەزییەکان "Mental"<br>-درکپێکردن "Cognition"<br>-پەیپێبردن"Perception"<br>-سۆزداریی "Emotion"<br>-ویستن "Desideration" | <br>بیرکردنەوە<br>بینین<br>هەستکردن<br>ویستن |
| ٣ | ڕەفتارکەر"Behavior" | ڕەفتارییەکان"Behaving" | ڕەفتارکردن |
| ٤ | قسەکەر"Sayer" | قسەییەکان"Saying" | قسەکردن/گفتوگۆکردن |
| ٥ | هەڵگر"Carrier"<br>بۆگەڕاوە"Attribute"<br>خاوەندار"Possessor"<br>سامان "Possessed"<br>دیاریکەر"Identifier"<br>دیاریکراو"Identified "<br>نموونە "Token"<br>بەها "Value" | پێوەندییەکانن"Relational"<br>-هەبوون<br>-بوون<br>-دیاریکردن | خاوەنێتی<br>بۆگەڕاندنەوە<br>هاوتایی کردن |
| ٦ | بوویەك "Existent" | بوونییەکان"Existential" | بوون(وجود) |

**خشتەی ژمارە ((٢))**

[1] Halliday (1985:131) b/ Halliday & Matthiessen (2004:260)

**ژمارەی ئەم پێواژۆیيانە لای (پۆل سمسن) بۆ چوار پێواژۆ (ماددی، ئاوەزیی، پەیوەندیی، قسەیی) چڕ کراوەتەوە، ئەویش لە بەر ئەوەی پێواژۆی (ڕەفتاری و بوونی) خستۆتە ناو پێواژۆکانی ترەوە، پێواژۆی (ڕەفتاری) خستۆتە ناو پێواژۆ ماددییەکان و پێواژۆی (بوونی)یشی خستۆتە ناو پێواژۆ (پەیوەندییەکان)ەوە[1]. بەمەش چارەسەری ئەوەی کردووە، کە ژمارەیەك کردار بەر سنوری نێوان دوو پێواژۆ بکەون. بڕوانە خشتەی ژمارە (٣):**

| ژ | پشکدارەکان | جۆری پێواژۆکان | بەشە کاتیگۆری |
|---|---|---|---|
| ١ | کارکەر<br>(ئامانج) | مادییەکان | کردن، بە مەبەست / بێ مەبەست<br>ڕوودان |
| ٢ | هەستدار<br>دیاردە | ئاوەزییەکان | - درکپێکردن<br>- پەیپێبردن<br>- کاردانەوە |
| ٣ | قسەکەر | قسەییەکان | ----- |
| ٤ | هەڵگر<br>بۆگەڕاوە | پێوەندییەکان | خاوەنێتی<br>بۆگەڕاندنەوە<br>هاوتایی کردن<br>بارودۆخ |

**خشتەی ژمارە ((٣))**

## ٤/١-١) پێواژۆ ماددییەکان:

**پێواژۆ ماددییەکان بە هۆی ناوەڕۆکی ئەو کار و ڕووداوانەی ئەنجام دەدەرێت، ئاشکرا دەکرێت، کە ئەمانیش ئەو (ڕووداو/کردە) فیزیکییانەن، کە لە جیهانی ڕاستەقینەدا ڕوودەدەن. بە واتایەکی تر پێواژۆی (ڕوودان/کردن)ە، کە گوزارشت دەکات لەوەی ڕەگەزێك (بوویەك) شتێك دەکات ، یان ڕووداوێکی بەسەردا هاتووە.**

**پشکدارە سەرەکییەکانی پێواژۆ ماددییەکان ئەمانەن:**

**١. کارکەر: ئەوەیە (کەس/شت)، کە کردەیەکی کردووە، یان ڕووداوێکی دراوەتە پاڵ.**

**٢. ئامانج: ئەوەیە (کەس/شت)، کە بە هۆی کردەکەوە کاری تێکراوە[2].**

X Y **پێواژۆ ماددییەکان......... (یاسای ژمارە – ١– ).**

**[ X ]، [ Y ] دوو بگۆڕن، هەر پێکهاتەیەك، یان دانەیەکی زمانی دەگرێتەوە، کە دەشێت بچێتە ناو ئەو جێکەوتانە.**

**پشکدارە ناسەرەکییەکانیش لە ناو پێواژۆ ماددییەکاندا، ئەمانەن:**

**٣. وەرگر: ئەوەیە (کەس/شت)، کە (کەس/شت)ەکەی وەرگرتووە.**

---

[1] Simpson (2004:80-86).

[2] A / Halliday &Matthiessen (2004:108) B/ Simpson (1993: 82).

٤.سوودوەرگر: ئەوەیە، کە شتێکی بۆ ئەنجامدراوە[1].

پێواژۆ ماددییەکان بە هۆی فۆڕمە کردارییەکانی (بەخشی/دەبەخشێت.....، بردەوە/دەباتەوە...، دروستکرد/دروستدەکات...، دا/دەدات....، بڕییەوە/دەبڕێتەوە....) دەنوێنرێن، بڕوانە شیکردنەوەی نموونەکانی (٢٣، ٢٤، ٢٥، ٢٦، ٢٧، ٢٨):

(٢٣) خانووەکە سووتا.

| خانووەکە | سووتا. |
|---|---|
| کارکەر | پێواژۆی ماددی |

(٢٤) سیروان سەیارەکەی بردەوە بۆ ماڵەوە

.

| سیروان | سەیارەکەی | بردەوە | بۆ ماڵەوە |
|---|---|---|---|
| کارکەر | ئامانج | پێواژۆی ماددی | هاوبەش:شوێن |

(٢٥) کوڕەکە دیارییەکی بە کچەکە بەخشی

| کوڕەکە | دیارییەکی | بە کچەکە | بەخشی |
|---|---|---|---|
| کارکەر | ئامانج | وەرگر | پێواژۆی ماددی |

(٢٦) سیروان خانوویەکی بۆ ژنەکەی دروستکرد.

| سیروان | خانوویەکی | بۆ ژنەکەی | دروستکرد. |
|---|---|---|---|
| کارکەر | ئامانج | سوودوەرگر | پێواژۆی ماددی |

(٢٧) پیاوەکە دارەکەی بڕییەوە.

| پیاوەکە | دارەکەی | بڕییەوە. |
|---|---|---|
| کارکەر | ئامانج | پێواژۆی ماددی |

(٢٨) سیروان پارەی دا.

| سیروان | پارەی | دا. |
|---|---|---|
| کارکەر | ئامانج | پێواژۆی ماددی |

پێواژ ماددییەکان دەتوانرێت بە هۆی پرسیاری (کارکەر چی کرد؟)، یان (چی ڕویداوە؟)، یان (کارکەر چی لە / بۆ ئامانج کرد؟) تاقیبکرێتەوە، چونکە ئەو کردارانەی ئەم جۆرە پێواژۆییە دەنوێنن زیاتر کرداری فیزیکی و داینامیکین. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ڕستەی (٢٤) بدەین و پرسیاری ئەوە بکەین، کە (سیروان:کارکەر) چی لە (سەیارەکە: ئامانج) کرد؟ ئەوە وەڵامەکەی دیارە، کە (بردی)یە، کە پیواژۆییەکی ماددییە، یان لە ڕستەی (٢٥)دا، (کوڕەکە چی لە دیارییەکە کرد؟)، ئەوا وەڵامەکەی (بەخشی)یە، کە لە جیهانی دەرەوە سەرچاوەیان گرتووە.

[1] Halliday &Matthiessen (2004:190) .

وەرگر بە هۆی وەڵامی پرسیاری (بە کێ؟) و سوودوەرگر بە هۆی وەڵامی پرسیاری (بۆ کێ؟)ەوە دەزانرێت. بۆ نموونە ئەگەر سەرنجی ڕستەی (٢٥) بدەین و بپرسین (کوڕەکە دیارییەکەی بە کێ بەخشی؟)، ئەوە وەڵامەکەی (بە کچەکە)یە، کە دەبێتە (وەرگر)ی پێواژۆ ماددییەکە، یان لە ڕستەی (٢٦)دا (پیاوەکە خانووەکەی بۆ کێ دروستکرد؟)، ئەوا وەڵامەکەی (بۆ ژنەکە)یە، کە دەبێت بە (سوودوەرگر)ی پێواژۆ ماددییەکە.

هاوبەشێك یان زیاتر بە پێی ویست و مەبەستی قسەکەر دەشێت هاوەڵی پێواژۆ ماددییەکان بکات، کە چەمکی (شوێن، کات، چۆنیەتی...هتد)ی ڕووداوە فیزیکییەکە ڕووندەکاتەوە، کە لە شێوەی فرێزێکی بەند، یان ئەدڤێربلێکەوە دەنوێنرێت و ڕستەکە فراوان دەکات، بڕوانە (٢٩، ٣٠، ٣١، ٣٢):

(٢٩) پیاوەکە دارەکەی **بەر مزگەوتی** بڕییەوە.

هاوبەش:شوێن

(٣٠) پیاوەکە **دوێنێ** دارەکەی بڕییەوە.

هاوبەش: کات

(٣١) پیاوەکە **بە خێرایی** دارەکەی بڕییەوە.

هاوبەش: چۆنیەتی.

(٣٢) سیروان **لە چێشتخانەکەدا** پارەی دا.

هاوبەش:شوێن.

(پیاوەکە) لە (٢٩ و ٣٠ و ٣١)دا و (سیروان) لە (٣٢)دا (کارکەر)ن، کە سیفەتی (+زیندوو)یان هەیە، بەڵام ئەم سیفەتە لە کارکەری پێواژۆ ماددییەکاندا نەبۆتە مەرج، چونکە دەشێت (_ زیندوو)یش بێت، بڕوانە بەراوردکردنی جووتە ڕستەی (٣٣).

(٣٣) ا- **پیاوەکە** دارەکەی بڕییەوەوە.

[ + زیندوو]

ب- **مشارەکە** دارەکەی بڕییەوە.

[– زیندوو]

دوای دیاریکردنی پشکدار و هاوبەشەکان ئەگەر جارێکی دیکە بە وردی سەرنجی شرۆڤەکردنێکی جیهانبینینی کرداری (بڕییەوە) لە نموونەکانی (٢٩، ٣٠، ٣١) بدەین، ئەوا نواندنی پیواژۆیەکی ماددییە، کە لە جیهانێکی فیزیکی (ڕاستەقینە)دا،

وەك ئەو ژینگەیەی (دارەکەی تێدا بڕدراوەتەوە)، ئەنجامدراوە. (پیاوەکە)، (کارکەر)ەو پشکداری سەرەکی پێواژۆەکەیە کاری کردۆتە سەر (دارەکە)، کە ئامانجە و وەك پشکداری دووەمی پێواژۆکە بەشداری کردووە. قسەکەر بە هۆی ئەو جیهانە ماددییە ڕاستەقینەوەیە چەمکی ئەم پێواژۆیە بە کۆد دەکات و بە هۆی کرداری (بڕییەوە) دەینوێنێت.

ئەو ڕووداوە فیزیکییانەی بۆ ئەم کردەیە پێویستن، ماددین، وەك (هەبوونی دارێك، کە شیاو بێت بۆ بڕینەوەی و بەکارهێنانی ئامێرێك، کە لە توانیدا بێت دارەکە ببڕێتەوە و لەگەڵ هەبوونی وزەی پێویست تا لە ڕێگەیەوە ماددەکە – کە لێرەدا دارەکەیە– ببڕێتەوە و بە یەك پارچەیی نەمێنێتەوە)، ئەمە جگە لە هەندێك کردەی تری فیزیکی وەك دەنگدەرچوون و پاشماوە بەجێهێشتن و ...هتد). کە بە هۆی ئەزموونمانەوە تێگەیشتنمان بۆ واتای پێواژۆکە دروستدەبێت.

ئەگەر سەرنجی شرۆڤەکردنی کرداری (دا)ی لە ڕستەی (٣٢)دا بدەین، کە فۆڕمی ڕابوردوو (دان)ە بۆ پێواژۆییەکی ماددی نوێنراوە، کە قسەکەر (کارکەر) بە هۆی ئەزموونێکەوە، کە لە ڕێی جیهانە فیزیکییەکەوە پێگەیشتووە و لە مێشکیدا بە کۆدی کردووە. هەر بۆیە چەمکی پێواژۆی (پێدان)یش لە ناو تۆڕی دەیان چەمك و واتای تردا واتا دەگەیەنێت، بۆ نموونە ئەگەر بە وردی سەرنجی پێواژۆی ڕستەکە بدەینەوە و بەراوردی بکەین بە پێواژۆی (نانخواردن) لە هەمان دەوروبەردا، ئەوا تەنها لە ڕێی ئەزموون و شارەزاییەوە ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە، کە / – ەکە/ی (چێشتخانەکە) چ جۆرە چێشتخانەیەکە؟!

چونکە هەر لە کوردیدا بەشێك لە چێشتخانەکان پاش پێواژۆکانی ((سڵاوکردن) و (دانیشتن) و (هێنانی خواردن) و دواتریش(نانخواردن)....هتد) پارە دەدرێت، واتە قۆناغی کۆتایی ڕیزبەندی پێواژۆکانی ناو چێشتخانەکەیە، لە کاتێکدا بەشێکی تری چێشتخانەکان تەواو پێچەوانەوەیە و لە ڕیزبەندییەکەدا سەرەتای پێواژۆکە دەگرێت و بەر لە (دانیشتن و نانخواردن و دەستشتن...هتد) مەرجە پارەکە بدرێت، کە ئەمەش نموونەیەکی ڕوون و دیارە بۆ تێگەیشتن لە واتای پێواژۆی (پێدان) بە هۆی ئەو ئەزموونە فیزیکییەی لە جیهانی ڕاستەقینەدا دەستماندەکەوێت.

وەچە پۆلێکی تری کردار هەن، وەك فۆڕمە کردارییەکانی (دەکۆکێت/کۆکی...، قاقالێدەدات/قاقایلێدا پێدەکەنێت/پێکەنی...، دەگرێیت/گریا...)، کە بە پێی بۆچوونی (هالیدای) دەچێتە پێواژۆ ڕەفتارییەکانەوە، چونکە چالاکیەکە لە بارەی ڕەفتارە فیزیۆلۆجی و سایکۆلۆجییەکان، واتە لە نێوان پێواژۆ ماددییەکان و پێواژۆ ئاوەزییەکاندایە.

پشکداری پێواژۆ ڕەفتارییەکان بە نموونەیی (ڕەفتارکەر)ە[1]، بەلام بە پێی دابەشکردن و جیاکردنەوەی پێواژۆکان لای (پۆل سمسن) ئەم کردارانە نواندنی پێواژۆ ماددییەکانن، چونکە وەك هەر چالاکییەکی ماددی تریش، کە لە لایەن مرۆڤەوە ئەنجام دەدرێت، دیوێکی لە ژێر دەسەلاتی مرۆڤدایە و دیوەکەی تری لە جیهانی دەرەوەدایە. بڕوانە (٣٤ و ٣٥):

[1] Halliday &Matthiessen (2004:٢٤٨-250).

**(٣٤)**

أ- **کچەکە پێکەنی!**

کارکەر | پێواژۆی ماددی

ب- **کچەکە زۆر پێکەنی.**

هاوبەش/ڕادە

**(٣٥)**

أ- **ژنەکە گریا.**

کارکەر | پێواژۆی ماددی

ب- **کچەکە بەدەنگی بەرز گریا.**

هاوبەش/ چۆنیەتی

**ئەگەر بە وردی سەرنجی نموونەی (٣٤، ٣٥) بدەین، ئەوا کرداری (پێکەنی، گریا) دوولایەنەیە، لایەنێکی فەرمان وەرگرتنە لە مێشکەوە (واتە سەرچاوەی هاتنەکایەی پێکەنین، یان گریان لە ژێر کۆنترۆڵی مێشکدایە)، لایەنێکی تری فیزیکییە، کە ئەو کردە و جوڵە و دەنگدەرچوونەیە، کە لە ئەنجامی کردەی پێکەنین، یان گریانەوە دێتەکایەوە.**

**ئەو نموونانەی خرانەڕوو گشتیان (بکەردیار"Active Voice") بوون، کە تێیدا (کارکەر) ڕۆڵی (بکەری لۆژیکی و ڕێزمانی) دەبینێت و لەگەڵ کرداری ڕستەکەدا لە کەس و ژمارەدا ڕێکدەکەوێت، بەڵام ئەگەر سەرنجی نموونەکانی (٣٦) بدەین، کە (بکەر نادیار "Passive Voice")ن، ئەوا بە ڕوونی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت، کە (ئامانج) نەك (کارکەر) ڕۆڵی بکەری ڕێزمانی دەبینێت و لە کەس و ژمارەدا لەگەڵ کردارەکەدا ڕێکدەکەوێت[1].**

**(٣٦)** ا- **سەیارەکە برایەوە بۆ ماڵەوە. (لە لایەن سیروانەوە).**

ئامانج | پێواژۆی ماددی | هاوبەش: ئەدڤێربلی شوێن | کارکەر

ب- **دیارییەك بەخشرا بە کچەکە. (لە لایەن کوڕەکەوە).**

ئامانج | پێواژۆی ماددی | وەرگر | کارکەر

---

[1] Halliday &Matthiessen (2004:١٩٦).

پ- **خانوێك** **بۆ ژنەكە** **دروستكرا.** (**لە لایەن سیروانەوە**)

ئامانج | سوود وەرگر | پێواژۆی ماددی | کارکەر

**٤/١ -٢) پێواژۆ ئاوەزییەکان:**

**هەموو ئەو چالاكییانە دەگرێتەوە، كە دەتوانین بە هۆی مێشكمانەوە ئەنجامی بدەین[١]، كە بە گشتی ئەو كردارانە دەگرێتەوە، كە بە هۆی هەستەوەرەكانەوە و لە ڕێی هەستەكانی (بینین، بیستن، دەستلێدان، بۆنكردن، تامكردن) زانیاری بۆ مێشك دەگوێزنەوە و پاشان لە شێوەی ئەزموون و كارامەیی و شارەزاییەوە لە مێشكدا بە كۆد دەكرێن، كە ئەوانیش بە سەر سێ پۆلەرەگەزی واتایی (دركپێكردن، پەیپێبردن، كاردانەوە)دا دابەشكراون[٢].**

**لە پێواژۆ ئاوەزییەكاندا دوو پشكداری سەرەكی هەن، كە ئەمانەن:**

١. **هەستدار: ئەوەیە، كە چالاكییەكی مێشكی ئەنجامداوە و كردەیەكی ئاوەزی وەك (هەستكردن، بیركردنەوە، پەیپێبردن/ زانین...هتد)ی كردووە.**

٢. **دیاردە :ئەوەیە، كە هەستی پێكراوە، یان بیری لێكراوەتەوە، یان پەیپێبراوە، یان پێزانراوە...هتد**

**پێواژۆكانی دركپێكردن بە هۆی فۆڕمە كردارییەكانی (دەزانێت/زانی...، بڕوادەكات/بڕوایكرد..، بیردەچێتەوە/بیرچوەوە..، تێدەگات/تێگەیشت...) دەنوێنرێت، بۆ نموونە بڕوانە (٣٧، ٣٨). هەرچی پێواژۆكانی پەیپێبردنە بە هۆی فۆڕمە كردارییەكانی (دەبینێت/بینی...،دەبیستێت/بیستی...، سەیردەكات/سەیریكرد...، تامدەكات/تامیكرد...، بۆندەكات/بۆنیكرد، گوێی لێدەبێت/گوێی لێبوو...) دەنوێنرێت، بۆ نموونە بڕوانە (٣٩، ٤٠)، بەڵام پێواژۆكانی كاردانەوە بەهۆی فۆڕمە كردارییەكانی (حەزیلێدەبێت/حەزیلێبوو...، دەترسێت/ترسا..، خۆشیدەوێت/خۆشیویست...، ڕقیلێدەبێت/ڕقیلێبوو...، بێزاردەبێت/بێزاربوو...، حەزیلێدەكات/حەزیلێكرد...، ڕازیدەبێت/ڕازیبوو...، دەیەوێت/ویستی...) دەنوێنرێت، بڕوانە (٤١، ٤٢، ٤٣، ٤٤):**

(٣٧) **خوێندكارەكە وەڵامی پرسیارەكە دەزانێت.**

هەستدار | دیاردە | پێواژۆی ئاوەزی: درکپێکردن.

(٣٨) **سیروان بیری كردەوە كە تاقیكردنەوەكە دوابخات.**

هەستدار | پێواژۆی ئاوەزی: درکپێکردن. | دیاردە

---

[١] سەرچاوەی پێشوو، (١٩٧).

[2] Simpson (1993: 84).

**(٣٩) کچەکە هەواڵەکەی نەبیستووە.**

هەستدار | دیاردە | پێواژۆی ئاوەزی: پەیپێبردن.

**(٤٠) کارزان شیلانی بینی.**

هەستدار | دیاردە | پێواژۆی ئاوەزی: پەیپێبردن.

**(٤١) منداڵەکە پشیلەکەی خۆشدەوێت.**

هەستدار | دیاردە | پێواژۆی ئاوەزی: کاردانەوە.

**(٤٢) منداڵەکە حەز دەکات بەیەکەم دەربچێت.**

هەستدار | پێواژۆی ئاوەزی: کاردانەوە. | دیاردە

**(٤٣) پیاوەکە بەبەڵێننامەکە ڕازینەبوو .**

هەستدار | دیاردە | پێواژۆی ئاوەزی: کاردانەوە.

**(٤٤) کوڕەکە دەیەوێت بڕوات.**

هەستدار | پێواژۆی ئاوەزی: کاردانەوە. | دیاردە

**ئەگەر بە وردی سەرنجی گشت نموونەکان بدەین، ئەوا بەو ڕاستییە دەگەین، کە مەرجە (هەستدار) زیندوو بێت، بڕوانە (خوێندکار، سیروان، کچەکە) لە نموونەکانی (٣٧،٣٨، ٣٩)، کە خاوەنی سیفەتی [+زیندوو]ن، لە کاتێکدا مەرج نییە (دیاردە) زیندوو بێت، بڕوانە (وەڵامی پرسیار، هەواڵەکە، بەیەکەم دەربچێت) لە نموونەکانی (٣٧، ٣٩، ٤٢)، بەڵام دەشێت زیندووش بێت، بڕوانە (شیلان، پشیلەکە) لە نموونەکانی (٤٠، ٤١)، کە [+زیندوو]ن. ڕاستی بۆچوونەکەشمان لەوەدایە، ئەگەر ئاڵوگۆڕێك بە بکەری ئەو ڕستانەی سەرەوە، کە خاوەنی سیمای [+زیندوو]ن بگۆڕین بە بکەرێك، کە [–زیندوو] بێت، ئەوا بەرهەمی ڕستەکان لەڕووی واتاوە ڕێپێدراو نین، بڕوانە (٤٥، ٤٦، ٤٧):**

**(٤٥) ؟؟ درەختەکە وەڵامی پرسیارەکە دەزانێت.**

**(٤٦) ؟؟ بەردەکە هەواڵەکەی نەبیستووە.**

**(٤٧) ؟؟ مێرەکە پشیلەکەی خۆشدەوێت.**

ناڕاستی واتای ڕستەکان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە لە هەڵبژاردنەکاندا نیشانەی (هەستدار) لە پشکداری یەکەمی پێواژۆ ئاوەزییەکان، کە مەرجە (سەندراوەتەوە)، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ پەیوەندی بە ئەزموون و شارەزایی قسەپێکەرانی زمانی کوردییەوە هەیە بۆ بەرجەستەکردن و بەکارهێنانی ئەم جۆرەی پێواژۆ کردارییەکان و نواندنیان بەو شێوەیەی لە جیهانبینیەکەیاندا بەکۆدکراوە.

(دیاردە) لە ڕوانگەی پۆلە ڕەگەزی سینتاکسییەوە دەشێت فرێزی ناوی بێت وەك (وەڵامی پرسیارەکە، هەواڵەکە) لە نموونەکانی (٣٧، ٣٩)، یان ڕستەی تەواوکەر بێت وەك (کە تاقیکردنەوەکە دوابخات، بەیەکەم دەربچێت) لە نموونەکانی (٣٨، ٤٢).

هاوبەشێك یان زیاتر دەشێت هاوەڵی پێواژۆ ئاوەزییەکان بکات، کە واتای (کات، شوێن، چۆنیەتی...هتد) پێواژۆکە ڕووندەکاتەوە، کە ئەمیش بە هۆی ئەدڤێربڵ یان فرێزی پێشناوییەوە دەنوێنرێت، بڕوانە(٤٨، ٤٩، ٥٠):

(٤٨) خوێندکارەکە بەدڵنیاییەوە وەڵامی پرسیارەکە دەزانێت.

هاوبەش:چۆنیەتی

(٤٩) کارزان لە زانکۆ شیلانی بینی.

هاوبەش:شوێن

(٥٠) منداڵەکە هەمیشە حەزدەکات بە یەکەم دەربچێت.

هاوبەش:دووبارەبوونەوە هاوبەش:پلەبەندی.

دوای دیاریکردنی پێواژۆ و پشکدارەکان، ئەگەر سەرنجی شرۆڤەکردنی نموونەی (٤٨) لە ڕێی ئەزموونەوە بدەین، ئەوا خوێندکارەکە، یان بە هۆی دەنگەوە (بیستن)، یان بە هۆی چاوەوە (خوێندنەوە–بینین) چەمکی پرسیارەکەی پێگەیشتووە و پاشان بۆ ناو یادگەی لە ناو مێشکیدا گواستراوەتەوە. دواتر قۆناغی کردەی شیکردنەوەی شریتە دەنگییەکان/ یان نیشانە نوسراوەکان بۆ پێکهاتەی واتا دەکرێت و پاشانیش لێکدانەوە و هەڵهێنجانی پەیوەندیی بە پێی ئەو ئەزموونە زمانییەی هەیەتی، ڕوودەدات.

زانینی وەڵامی پرسیارەکە بە هۆی تێگەشتن لە وشەکانی ناو پرسیارەکە و پاشان ئەنجامی کارلێکی وشەکان لە ناو دروستەکەدا و ....هتد دەبێت، کە ئەمەش وەستاوەتە سەر توانای تێگەیشتن و بوونی ئەزموونی پێویست بۆ تێگەیشتن و زانینی وەڵامی پرسیارەکە. ئەوەی لێرەدا گرنگە و خاڵی تەواو جیاوازە لە پێواژۆ ماددییەکان ئەوەیە، کە ئەم قۆناغە یەك بە دوایەکدا هاتنەی ئەزموون فیزیکی نین، بەڵکو تەواو سایکۆلۆجی و هۆشەکین، بە واتایەکی تر بە هۆی ئەو ئەزموونە جیهانبینییەی لە ناوەوەی مرۆڤ ڕوودەدات، بەکۆدکراون و هەر بۆیە هەندێك جار زانینی لای ئەم ڕەنگە نەزانین بێت لای یەکێکی تر، کە ئەمەش بە ڕوونی و تەواوەتی بۆ جیاوازیی ئەزموونی قسەکەر، یان گوێگر لە کردەی لەیەکترگەیشتندا دەگەڕێتەوە.

مجلة جامعة التنمية البشرية / المجلد.٣ العدد.٣ آب ٢٠١٧: ص ص٤٨٣-٥٠٤
e-ISSN: 2411-7757, p-ISSN 2411-7765

**٤/١ – ٣) پێواژۆ قسەییەکان:**

**پێواژۆ قسەییەکان پێواژۆکانی پەیوەندیکردن"Communication" دەگرێتەوە، واتە ئەوەی پەیوەندی بە گوتن و قسەکردنەوە هەبێت.**

**پێواژۆ قسەییەکان لە نێوان پێواژۆ ئاوەزییەکان و پێواژۆ پەیوەندییەکاندایە، کە زانیاری بۆ قسە، یان هەر جۆرێکی تری کردەی قسەیی بۆ هەردوو شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ دەگۆڕنەوە. پشکدارەکانی پێواژۆ قسەییەکان ئەمانەن:**

١. **قسەکەر: ئەوەیە، کە پەیوەندیدەکات.**

٢. **پەیام"Verbiage": ئەوەیە، کە گوتراوە (واتە چی گوتراوە؟).**

٣. **پەیوەندیکراو"Addressee": ئەوەیە، کە پەیام (نامە)کە وەردەگرێت[1].**

**پێواژۆ قسەییەکان بە هۆی فۆڕمە کردارەکانی (دەڵێت/گوتی...، قسەدەکات/قسەیکرد...، پرسیاردەکات/پرسیاریکرد...، ڕووندەکاتەوە/ڕونیکردەوە...، پەسەندەکات/پەسەنیکرد...، پیاهەڵدەدات/پیایهەڵدا...، ستایشیدەکات/ستایشیکرد...) دەنوێنرێن، بڕوانە(51 و 52):**

(51) **مامۆستا دەڵێت بخوێنن.**

قسەکەر | پێواژۆی قسەیی | پەیام

**(٥٢) مامۆستا به خوێندکارەکان دەڵێت بخوێنن.**

پەیوەندیکراو

**(پەیام) دەشێت فرێزێکی ناوی بێت، بڕوانە (٥٣)، یان دەشێت ڕستەیەکی تەواوکەر بێت، بڕوانە (٥٤):**

**(٥٣) بڕوا دوو گوتەی باشی گوت.**

**فرێزی ناوی.**

**(٥٤) بڕوا گوتی: کە براکەی نەخۆشە.**

**ڕستەی تەواوکەر.**

**هاوبەش لە پێواژۆ قسەییەکاندا بە پێی ویست و مەبەستی قسەکەر دێت، کە چەمکی (کات، شوێن، چۆنیەتی...) پێواژۆ قسەییەکان ڕووندەکاتەوە، بڕوانە(٥٥، ٥٦، ٥٧):**

[1] Simpson (1993: 84).

(٥٥)　　　　وتەبێژەکە سەعات نۆ قسەدەکات

هاوبەش/کات.

(٥٦) خوێندکارەکە　لە هۆڵەکەدا　　گوتی　　سبەینێ پشووە.

| قسەکەر | هاوبەش:شوێن | پێواژۆی قسەیی | پەیام |
|---|---|---|---|

(٥٧) منالّەکە بە ڕەوانی هۆنراوەکەی گوت.

هاوبەش/چۆنیەتی.

ئەگەر سەرنجی سروشتی (پەیوەندیکراو) بدەین، دەبینین لە شێوازی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ جیاکاری دەکات، بڕوانە(٥٨ و ٥٩):

(٥٨)　شێوازی　ڕاستەوخۆ:　~~بەمنی~~　سیروان گوتی **دڵگران** مەبە.

(٥٩)　شێوازی　ناڕاستەوخۆ:　سیروان **بە نەوزادی** گوت دڵگران مەبە.

بە پشتگوێخستنی قسەکەر لە دروستەکەدا و لێسندنەوەی جێکەوتی یەکەمی ڕستەکە، ئەوا دروستەی نادیار بەبەرهەمدێت، بڕوانە (٦٠):

(٦٠)　گوتراوە، کە　سبەینێ پشووە.

| پێواژۆی قسەیی | پەیام |
|---|---|

**٤/١ – ٤) پێواژۆ پەیوەندییەکان:**

پێواژۆ پەیوەندییەکان پێواژۆکانی پەیوەندیی ((بوون)) و جۆرەکانی دەگرێتەوە، کە گوزارشت لە پەیوەندیی ( خاوەندێتی، بۆگەڕاندنەوە، هاوتایکردن، بارودۆخ) لە نرخ و گرنگی و بڕ...دا دەکەن، پێواژۆ پەیوەندییەکان خاوەنی دوو پشکداری سەرەکین، کە ئەمانەن:

١. هەڵگر: هەبوویەکە، کە باسدەکرێت.

٢. بۆگەڕاوە: باسکردنی هەبوویەکە[1].

فۆڕمە کردارەکانی (ە/ بوو/ دەبێت...، هەیە/هەبوو/دەبێت...، دەردەکەوێت/دەرکەوت...، دەبێت بە/بووبە...، دەگۆڕێت بە/گۆڕا بە...، دیاردەبێت/دیاربوو...، وادیارە/وادیاربوو...) پێواژۆ پەیوەندییەکان دەنوێنن.

---

[1] Simpson (1993: 85).

**چوار جۆری سەرەكی پێواژۆی پەیوەندیی لە ناو ڕستەدا هەن، كە بە پێی جۆری پێواژۆكە جۆری پەیوەندیی نێوان پشكدارەكانی بە پێواژۆكەوە دەگۆڕدرێن، كە ئەوانیش پێواژۆكانی:**

**١. خاوەنێتی:**

X Y **هەبوو.**

**هەیە.**

**دەبێت**...... **(یاسای ژمارە – ٢ – ).**

**واتە ڕەگەزێك (X) خاوەنی ڕەگەزێكی تر (Y)ە، لێرەدا پشكدارەكان:**

**خاوەندار: ڕەگەزێك خاوەنی ڕەگەزێكی ترە، یان ڕەگەزێك ڕەگەزێكی تر لە خۆ دەگرێت.**

**سامان: ڕەگەزێكە خاوەنی هەیە، یان لەخۆ گیراوە.**

**بڕوانە(٦١ و ٦٢):**

**(٦١) كاك ئامانج دوو خانوی هەیە.**

خاوەندار | سامان | پێواژۆی پەیوەندیی

**(٦٢) بەڕێوبەرایەتیەكە دوو بەش لەخۆ دەگرێت.**

خاوەندار | سامان | پێواژۆی پەیوەندیی

**٢. بۆگەڕاندنەوە:**

X Y **ـە.**

**بوو.**

**دەبێت.... (یاسای ژمارە – ٣ – ).**

**پشكدارەكانی:**

**١. دیاریكەر: ڕەگەزێكە، كە باسدەكرێت.**

**٢. دیاریكراو: ڕەگەزێكە بۆ باسكردنی دیاریكەر.**

**پەیوەندیی (دیاریكەر) بە (دیاریكراوە)وە دەردەخات، كە:**

**[ X دیاریكەرە و لە ڕێی Y دیاریكراوەوە دەردەخرێت]...(یاسای ژمارە – ٤ – )، بڕوانە (٦٣):**

(٦٣) دڵشاد باڵابەرز بوو.

دیاریکەر | دیاریکراو | پێواژۆی پەیوەندیی

**٣. هاوتایکردن:**

**پشکدارەکان:**

**١. (نموونە): هەبوویەکە هاوتا دەکرێت لەگەڵ یەکێکی تردا.**

**٢. (بەها): باسکەری نموونەکەیە. بڕوانە (٦٤):**

(٦٤) ا- نەشمیل سەرۆکی تیمەکە بوو. (کێ سەرۆکی تیمەکە بوو؟)

نموونە | بەها | پێواژۆی پەیوەندیی

ب- سەرۆکی تیمەکە نەشمیل بوو. (سەرۆکی تیمەکە کێ بوو؟)

بەها | نموونە | پێواژۆی پەیوەندیی

**٤. بارودۆخ:**

**پشکداری پێواژۆ بارودۆخییەکان: بوویەکە، کە باسدەکرێت لە شوێنێك، یان لە کاتێك...دا، [ ئەگەر X بوویەك بێت، ئەوا Y (کات، شوێن...)ێك بێت، ئەوا بە هۆی ئەم پێواژۆیەوە گوزارشت لە بوونی X لە Yیدا دەکات] ..... (یاسای ژمارە – ٥ – ).**

**فۆڕمە کردارییەکانی (دەبێت/بوو...، هەیە/هەبوو... ) پێواژۆ بارودۆخ دەنوێنێن، بڕوانە(٦٥ و ٦٦ و ٦٧ و ٦٨):**

(٦٥) سیروان لە زانکۆ بوو. (بوونی سیروان...)

بوویەك | شوێن | پێواژۆی بوونیی

(٦٦) کۆبوونەوەکە دووشەممە دەبێت.

بوویەك | کات | پێواژۆی بوونیی

(٦٧) نەمامی هەنجیر لە باخەکەدا هەیە.

بوویەك | شوێن | پێواژۆی بوونیی

(٦٨) نەمامی هەنجیر لە باخەکەدا بوونی هەیە.

بوویەك | شوێن | پێواژۆی پەیوەندیی

**نموونەکانی (٦٥، ٦٦، ٦٧، ٦٨) بوونی ڕەگەزی (سیروان، کۆبوونەوە، نەمامی هەنجیر) لە شوێنێك (زانکۆ، لە باخەکەدا)، یان کاتێك (دووشەممە) نیشاندەدات.**

## ئەنجام

**١. پێواژۆ کردارییەکان لە زمانی کوردیدا بەسەر جۆرەکانی (ماددییەکان، ئاوەزییەکان، قسەییەکان، پەیوەندییەکان)دا دابەشدەبن، کە هەر جۆرێکیان لە ڕوانگەی تێڕوانین و جیهانبینینی قسەکەرەوە بە کۆدکراون و بە هۆی وەچەپۆلی کرداری جیاوازەوە نوێنراون.**

**٢. پێواژۆ کردارییە ئاوەزییەکان، پێواژۆ کردارییەکانی (درکپێکردن و پەیپێبردن و کاردانەوە) دەگرێتەوە و پێواژۆ کردارییە پەیوەندییەکانیش، پێواژۆ کردارییەکانی (خاوەنێتی، بۆگەڕانەوە، هاوتایکردن، بارودۆخ) دەگرێتەوە.**

**٣. دیاریکردنی جۆری پێواژۆکان و خەسڵەتی پشکدارەکانیان و ئەو کردارانەی دەیانوێنن، زانیاری گرنگ و بەسوودن و پێویستە لە نوسینەوەی دەروازەی فەرهەنگیی کرداریی زمانی کوردیدا تۆمار بکرێن، تەنانەت دەبێت لە پڕۆگرامی فێربوونی زمانی کوردیشدا ڕۆڵیان لەبەرچاو بگیرێت.**

**٤. کارکەری پێواژۆ ماددییەکان دەشێت خاوەنی سیفەتی زیندوو، یان نازیندوو بێت، بەڵام هەستداری پێواژۆ ئاوەزییەکان مەرجە خاوەنی سیفەتی زیندوو بێت.**

**٥. دیاردەی پێواژۆ ئاوەزییەکان و پەیامی پێواژۆ قسەییەکان بە هۆی فرێزی ناوی یان ڕستەی تەواوکەرەوە دەنوێنرێت.**

**٦. بە پێی ویست مەبەستی قسەکەر دەشێت هاوبەشێك، یان زیاتر هاوەڵی گشت پێواژۆکان بکات، کە چەمکی (کات، شوێن، چۆنیەتی...هتد)ی ڕوودانی کردارەکان ڕووندەکەنەوە.**

**سەرچاوەکان**

١. ئەورەحمانی حاجی مارف، ڕێزمانی کوردی، بەرگی یەکەم(وشەسازی)، بەشی پێنجەم – کردار– دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی (٢٠٠٠).

٢. ساجیدە عەبدوڵڵا فەرهادی، ڕستە و پاش ڕستە، چاپخانەی دەزگای ئاراس، هەولێر (٢٠٠٩).

٣. شێرزاد سەعید صدیق، ڕستەی زمانی کوردی بە پێی (تیۆری کاتەگۆریی و پێوانە)ی هالیدای، نامەی ماستەر (بلاْونەکراوە)، کۆلێجی زمان، زانکۆی سەلاْحەدین، هەولێر (٢٠٠٨).

٤. شێرزاد سەعید سەددیق، ڕستەی بە پێی ڕێزمانی لێکسیکی ئەرکی لە زمانی کوردی و فارسیدا، نامەی دکتۆرا (بلاْونەکراوە)، فاکەڵتی ئاداب، زانکۆی سۆران، سۆران (٢٠١٣).

٥. محەمەدی مەحویی، ڕستەسازیی کوردی، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی (٢٠٠١).

٦. محەمەدی مەحوی و کاروان عومەر قادر و شیلان عومەر حسێن، دروستەی کردار (بنەما و دیاردە)، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی، سلێمانی(٢٠١٠).

7. Fattah, M. M., A Generative Grammar of Kurdish. Unpublished PhD dissertation, University of Amsterdam, 1997.
8. Halliday, M., & Matthiessen, C., An Introduction to Functional Grammar (2nd ed.). London: Edward Arnold, 2004.
9. Halliday, M., Explorations in The Function of Language. London: Edward Arnold, ١٩٨١.
10. Halliday, M.., An Introduction to Functional Grammar. London: Edward Arnold, 1985.
11. Huddelston, R., Introduction to the Grammar of English.Cambridge: Cambridge University Press, 1984.
12. Simpson, P., Language, Ideology and Point of View. London: Routledge, 1993.